# دانیشتوانی کوردستان - توێژینەوەیەک لە جوگرافیای دانیشتواندا

**پ.ی.د.عەبدوڵڵا غەفور**

**زانکۆی سەلاحەددین**
**کۆلێژی ئاداب**
**بەشی جوگرافیا**

**پوختەی توێژینەوە**

یەکەم ناونووسکردنی دانیشتوان لە کوردستان'دا لە ساڵی ١٨٣١ کراوە و دواتر هەر پێنج ساڵ یان دە ساڵ پرۆسەکە دووبارە کراوەتەوە. ژمارەیان لەو ساوە تاکو ساڵی ٢٠١١ گەیشتە ٣٣ ناونووس.
ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤دا گەیشتە ٣٩٢٨٠ هەزار کەس. دانیشتوان ساڵانە ١،٣١ زیاد دەکا و زیادەی سروشتیش ٣٠ لە هەزارە(لە دایکبوون ـــ ٠/٠٠٤٢ مردن ٠/٠٠١٢)
ڕێژەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ کەمترە ٢٤ و هی ئەوانەی تەمەنیان لە ٦٥ کەمترە ٧١ و هی ئەوانەش کە تەمەنیان لە سەروی ٦٥ وەیە ٣ و ڕێژەی نێرینە ـــ ٥٠،٣ و هی مێینە ٤٩،٧ لە سەد لە سەرجەمی دانیشتوان بوو. چڕی گشتی دانیشتوان ٧٣ کەس لە ١ کم٢ . ڕێژەی دانیشتوان لە شارەکاندا ٨١ و لە گوندەکان ١٩ لە سەد بوو. پرۆسەیەکی بە تەوژمی کۆچکردن لە دەشت بۆ شار و بە تایبەتی بۆ گەورەکان بە هۆکاری ئابووری و سیاسی لە ئارادایە.

**پێشەکی**

دانیشتوان ـ یەکێکە لە بابەتە هەرە زیندوەکانی زانستە مرۆیەکان و بە تایبەتی جوگرافیای دانیشتوان لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرەکی ئەو زانستە خۆی لە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان سروشت و مرۆڤ دەبێنێتەوە.
دانیشتوان لەبەر ئەوەی هەردەم لە گۆڕان'دایە، پسپۆڕانی مەیدانی جوگرافیای دانیشتوان، زیاتر لە بابەتی دیکە، بە خۆوە خەریک دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە بەشی هەرە زۆری توێژینەوەکانی جوگرافیازانان لەسەر دانیشتوان ئەنجام دەدرێ.
مەبەست لەو توێژینەوەدا دەست نیشانکردنی ژمارەی گشتی دانیشتوان و پێکهاتەی تەمەن و رەگەز و چڕی دانیشتوان و کۆچکردنی ناوەخۆ و ڕێژەی شارنیش و گوندنیش ئینجا شیکردنەوەی هۆکار و جیاوازیەکان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە. دەست نیشان کردنی گرفتەکانی دانیشتوان. سەرباری هەموو ئەوانە ئاشناکردنی کوردستانیان بە نەخشەی دانیشتوانی وڵاتەکەیان.
گرفتەکانی توێژینەوەی دانیشتوان لە کوردستان'دا، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە دانیشتوانیان کردووتە مەیدانی سەرەکی چالاکی زانستی، ئەوەندەی ئارەزوو بکەی زۆر و تێکەڵ و پێکەڵ و بێ چارەسەر و بە کێشەن. هەندێکییان ئەوانەی خوارەوەن:
١. دەست نیشانکردنی یەکە کارگێڕیەکان(ئەستان و قەزا و ناحیە) کوردستان و جیاکردنەوەیان لە هی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقدا(لەمە بەدواوە لە جیاتی ئەو ناوانە چوارینەکان دەنووسم)
٢. دەرهینان و ژماردنەوەی ژمارەکان، لەبەر لەدەستدانی یەکێتی خاک. لە بڵاوکراوەکانی چوارینەکاندا.

٣. جیاکردنەوەی ژمارەکانی کوردستان لە چوارینەکاندا لەو ئەستانانەی کە هەندێ یەکەی کارگێڕیان خاکی کوردستان نیە. بە نموونە، ئەرزەروم و مەرعش(کاهرەمان مارش) و خوزستان و نەینەوا.
٤. ئەنجام نەدانی ناونووسکردنی دانیشتوان، لە چوارینەکاندا، لە یەک کاتدا.
٥. نووسرانی زانیارییەکان لەسەر کوردستان'دا بە سێ زمانی جیاواز لە بنەرەتدا. لە باکوور بە تورکی. لە باشوور و رۆژئاوا بە عارەبی و لە رۆژهەڵاتدا بە فارسی.
٦. دەست نەکەوتن و درەنگ دەستکەوتنی سەرچاوەکان لەبەر ئەوەی هەر یەکە لە وڵاتێکدا بڵاوکراونەتەوە.
٧. ناتەواوی لە ژمارەکان بە گشتی و هی ئەوانەی کوردستان بە تایبەتی لە بڵاوکراوەکانی چوارینەکاندا.
٨. کۆنبوونی ئەنجامی ناونووسکردنەکان و نەبوونی هی تازە.
٩. خاملاندنی ژمارەکان بە کرداری ژماردن، لەبەر نەبوونی و پڕکردنەوەری کەلێنەکان، لەبەر نەبوونی زانیاری فەرمی.
١٠. بەرچاونەخستنی زانیاری پێویست، وەکو هی پێکهاتەی نەتەوەیی، لە لایەن چوارینەکانەوە.
١١. جیاوازی لە شێوازی رێکخشتنی ئامارەکان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە.
١٢. ناوەکان لە باکووردا بە تورکی و لە باشوور و رۆژئاودا بە عارەبی و لە رۆژهەڵاتدا بە فارسی دەنووسرێ. بە کوردی نەنووسرێ خوێنەر بە زەحمەت بۆی دەخوێندرێتەوە. ئەگەر وامانکرد، ئەوە لە سەر نەخشە و ئەتڵەسان بەرچاو ناکەون.
١٣. زۆربەی یەکە کارگێڕییەکان ناوی فەرمیان لە هی نەفەرمیان جودایە. بە نموونە: تونجەلی و دێرسم. کرمنشاه و کرماشان. ئەربیل و هەولێر. دیارباکر و ئامەد. مالیکیە و دێریک. پێویستە بە کوردی بنووسرێ. ئەگەر وامانکرد  ئەوە لە سەر نەخشە و ئەتڵەسان بەرچاو ناکەون.
توێژەران لە کوردستان'دا، توێژینەوەی لە بارودۆخێکی ئەوها ئاڵۆز لەسەر دانیشتوانی وڵات دەکەن. هەڵبەتە ئەو جۆرە کارانە بێ کەم و کوڕی نین و ناش بن.

**١. ژمارەی گشتی دانیشتوان لە کوردستان'دا**

سەرچاوەی سەرەکی بۆ زانینی ژمارەی گشتی دانیشتوان لە کوردستان'دا، چۆن لە ساڵانی رابردوودا ئەوهاش لە رۆژانی ئەورۆدا، ناونوسکردنی گشتی خەڵک بووە.
ناونووسکردنی دانیشتوان لە کوردستاندا، کەرەتی یەکەم(١٨٣١ز لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ئەنجامدراوە. لەو ساوە تاکو ئەورۆ پرۆسەکە هەر چەند ساڵ جارێک دووبارە کراوەتەوە و ژمارەیان لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ ٢٠١١ گەیشتە ٣٣ ناونووسکردن. کەوابێ هەر دوو ساڵ و نیو ناونووسکردنێک بووە.
خەسڵەتەکانی سەرژمێری دانیشتوان لە کوردستان' دا وەکو لە تاوتویکردنی زانیاریەکان دەردەکوی، هەندێکیان ئەوانەن کە لە خوارەوە نووسراون.
١. ئەنجامدانی سەرژمێری لە لایەن فەرمانگەکانی ئاماری ئێران لە رۆژهەڵات و تورکیا – باکوور و سوریا — رۆژئاوا و عێراق – باشووردا.
٢. جیاوازی ساڵی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان، لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە. جیاوازیەکە، لە هەندێ شوێندا، خۆی لە سێ ساڵ دەدات.
٣. بڵاوکردنەی ئەنجامی ناونووسکردنەکان، بە زمانی غەیرە کوردی. لە باکووردا بە تورکی  و لە باشوور و رۆژئاوادا بە عارەبی و لە رۆژهە ڵاتدا بە فارسی.
٤. دواخستنی ئەنجامدانی ناونووسکردن، بە بیانۆی خەرجی زیاد و هەبوونی کێشەی سیاسی لە وڵاتدا. تێپەڕبوونی پازدە ساڵ بەسەر هی باکوور(دوایین لە ٢٠٠٠ بوو) و بیست هەشت ساڵ بەسەر هی باشوور(دوایین لە ١٩٨٧ بوو) و پێنج ساڵ بەسەر هی رۆژهەڵات(دوایین لە ١٣٩٠ هجری شمسی بوو)  و بیست یەک ساڵ بەسەر هی رۆژئاوا(دوایین لە ١٩٩٤ بوو).

ژمارەی دانیشتوان لە کوردستان'دا، بە گوێرەی خاملاندن کە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی فەرمانگەکانی ئاماری ئەنجام دراوە، لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە دەوروبەری ٣٢٧٣٤ هەزار کەس بووە و، لە ساڵی ٢٠١٤دا زیادی کردووە و خۆی لە ٣٩٢٨٠ هەزار کەس داوە. کەوابی زیادەکە لە چواردە ساڵی بۆریدا ٧٥٤٦ هەزار کەس بوو. تێکڕایی زیادبوونی ساڵانەش لەو چەند ساڵادا ١،٣١ بوو.

## زیادەی سروشتی دانیشتوان لە کوردستان'دا

مەبەست لە زیادەی سروشتی دانیشتوان ژمارەی لە دایکبووان مینوس(دەرکرد) ژمارەی مردوان لە ساڵێکدا. ئەو دیاردە بیۆلۆژیە، هۆکاری سەرەکی ــ نۆهەد لە سەد ــ زیادبوونی دانیشتوانە لە کوردستان'دا. ڕێژەی زیادبوونی سروشتی لە ساڵی ٢٠١٤دا، بە گوێرەی شیکردنەوەی ئامارەکان و خوێندنەوەی کتێب و لەبەر چاوگرتنی ئامارەکانی وڵاتانی دەوروبەر، نزیکەی ٠/٠٠٣٠ دەبێ.

## ئاستی لە دایکبوون

زانیارییەکانی هۆبەی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکانی دەوڵەتیدا، باس لە ٠/٠٠٤٢ دەکا. کەوابی دانیشتوانی کوردستان لە ریز ئەو وڵاتانەی جیهاندایە کە ڕێژەی لە دایکبوون تێدا، لەو پەڕی بەرزیدایە. فاکتەرەکانی ئەو بەرزیە بریتیە لە کۆمەڵێک هۆکار لە نێوانیاندا ئەوانەی خوارەوە:

١. دەست پێکردنی پرۆسەی زاوزێکردن لە تەمەنێکی بچووکدا. ژنهینان لە تەمەنی هەژدە ساڵی و هی شوکردن ــ شازدە ساڵی دەست پێ دەکات.

٢. زۆربەی هەرەزۆری کوڕان و کچان دەچنە ناو ژیانی هاوسەریەتی.

٣. دیاری نەکردنی ژمارەی منداڵ، لە لایەن دایک و باوک، لە خێزاندا. ئەوەندەی دەبی بابی.

٤. ئارەزوو کردنی زۆری منداڵ لە خێزاندا بە مۆتیڤی(بهانە) ئابووری وکۆمەڵایەتی.

٥. سەیرکردنی خێزانی بێ منداڵ و کوڕی بێ ژن و کچی قەیرە بە چاوی گومانەوە لە لایەن کۆمەلگاوە.

٦. گوێ نەدان بە شێوازی چۆنیەتی بە خێو کردن منداڵ لە خێزاندا.

٧. دانەبەزینی توانای سک کردن، ئەو ژنانەی کە لە دە منداڵ بەرەژووریان دەبی لە نیو دانیشتواندا کەم نین.

٨. دووری زۆربەی ژنان لە مەیدانی بەرهەم هێناندا.

## ئاستی مردن

ئامارەکانی نەخۆشخانەکانی دەولەتی ئاماژە بە ٠/٠٠١٢ لە هەزار مردن لە نێو دانیشتواندا دەکەن. هۆکارەکانی مردن، جگە هی بیۆلۆژی، ئەوانەی خوارەوەن.

١. شەڕی نێوان هێزەکانی پاراستنی کوردستان(پێشمەرگە، پاراستنی گەل) و داعش و لەشکری تورکیا و ئێران. شەهید زیاتر لە دە هەزار کەس لە پارچەکانی کوردستان: لە ڕۆژئاوا'دا ــ ٧٠٠٠ و لە باشوور'دا ــ ١٤٠٠ گوژراو و ٧٥٠٠ بریندار و لە باکوور و ڕۆژهەڵات'دا ــ چەند هەزارێک.

٢. نەخۆشیەکانی دڵ و فشاری خوێن و خوێن مەیین(جەلتە) و گورچیلە و سیپەلاک.

٣. وەرگەڕان و لێکدانی ترومبیل، لە ئەنجامی خێرا لێخوڕین و پابەند نەبوون بە ڕێنمایەکانی هاتووچۆ و خراپی ڕێگەوبان، لەسەر جادەکانی ناو و دەرەوەی شارەکان.

**ژمارەی گشتی دانیشتوان لە ناوچەکانی کوردستان'دا**

ناونووسکردنی دانیشتوان، لەبەر ئەوەی کوردستان یەک پارچەی خۆی، لە ئەنجامی داگیرکردن لە لایەن تورکیا لە باکوور و عێراق لە باشوور و ئێران لە رۆژهەڵات و سوریا لە رۆژئاوادا، لە دەستداوە. لە ساڵی جوداجودا ئەنجام دراوە و دەدرێ. یەکەم ناونووسکردنکردنی دانیشتوان بەو شێوەبوو: لە باکووردا ـــ ساڵی ١٩٢٥. لە باشووردا ـ ساڵی ١٩٢٧. لە رۆژهەڵاتدا ـ ساڵی ١٣٣٥(هجری شمسی). لە رۆژئاوادا ـ ١٩٦٠ بووە. پرۆسەکە لەو سەردەمەدا هەتاکو ئەورۆ بەردەوامە. لە خوارەوە، یەک بەیەک، ژمارەی گشتی دانیشتوان لە هەرێمەکانی کوردستان'دا. شیدەکەمەوە.

**باکووری کوردستان**

یەکەم ناونووسکردنی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٢٧ فەرمانگەی ئاماری دەوڵەت (Devlet istatistik enstitüsü)(DiS)، و دواترینیش لە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن Adrese Dayalı Nüfus Kayıt Sistemi (ADNKS)، ئەنجام دراوە. لەبەر چاوترین خەسڵەتەکانی ناونووسکردن ئەمانەن:

١. ئەنجامدانی شازدە سەرژمێری لە حەفتاو سێ(١٩٢٧ ـ ٢٠٠٠) ساڵی بۆریدا.

٢. پەیرەوکردنی پێنج ساڵە لە نێوان دوو ناونووسکردندا.

٣. ناونووس نەکردنی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٠٠ بەرەو سەرەوە.

٤. نەبوونی جیاوازی ژمارەکان لە بڵاوکراوەکانی فەرمیدا.

ژمارەی گشتی دانیشتوان، لە ساڵی ٢٠١٤دا، ١٥٢٩٣ هەزار کەس بوو. ئەوەش دەکاتە سی و نۆ لە سەد لە سەرجەمی دانیشتوان لە کوردستان'دا. ژمارەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ١٣٦٩٢ هەزار کەس بوو، واتە زیادەکە ١٦٠٠ هەزار کەس بوو. هۆکارەکەی، بە هەرە زۆری، زیادەی سروشتی دانیشتوان، بوو.

ژمارەی گشتی دانیشتوان لە ئەستانەکاندا (ئیل)، بەو شێوەیە کە لە خشتەی ١ نووسراوە. شیکردنەوەی ژمارەکان ئەو راستیانەمان بەردەست دەخات.

١. زیادبوونی ژمارەی ئەو ئیلانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە یەک ملیۆن کەس زیاتر بوو. لە سێ بۆ چوار ئیل.

٢. زیادبوونی دانیشتوان لە چوارده ئیل و کەمبوونی لە نۆ ئیلدا.

٣. بەرزترین زیادبوونی دانیشتوان لە ئیلی گازی ئانتاب و کەمترین لە ئەرزنجان بوو.

**٠خشتە ١**

**ژمارە و دینامیکی دانیشتوان لە باکووری کوردستاندا**

| ئەستان | سەرژمێری٢٠٠٠ | زانیاری ٢٠١٤ | تێکڕایی زیادبوونی سالأنە |
|---|---|---|---|
| ئادیەمان | ٦٢٣٨١١ | ٥٩٧٨٣٥ | -٠,٣٠ |
| ئاگری | ٥٢٨٧٤٤ | ٥٤٩٤٣٥ | ٠,٢٧ |
| بینگۆڵ | ٢٥٣٧٣٩ | ٢٦٦٠١٩ | ٠,٣٤ |
| بیتلیس | ٣٨٨٦٧٨ | ٣٣٨٠٢٣ | -٠,٩٩ |
| دیاربەکر | ١٣٦٢٧٠٨ | ١٦٣٥٠٤٨ | ١,٣١ |
| ئەلازیغ | ٥٦٩٦١٦ | ٥٦٨٧٥٣ | -٠,٠١ |
| ئەرزنجان | ٣١٦٨٤١ | ٢٢٣٦٣٣ | -٢,٤٦ |
| ئەرزوروم* | ٧٥٢١٤٤ | ٦٥١٣٤١ | -٠,٩٣ |
| گازی ئانتاپ | ١٢٨٥٢٤٩ | ١٨٨٩٤٦٦ | ٢,٧٩ |
| هەکاری | ٢٣٦٥٨١ | ٢٧٦٢٨٧ | ١,١١ |
| مالاتیا | ٨٥٣٦٥٨ | ٧٦٩٥٤٤ | -٠,٧٤ |
| کاهرامانمارش* | ٧٩٢٥٨٢ | ٧٥٣٥٩١ | -١,٠١ |
| ماردین | ٧٠٥٠٩٨ | ٧٨٨٩٩٦ | ٠,٨١ |
| موش | ٤٥٣٦٥٤ | ٤١١٢١٦ | -٠,٧٠ |
| سییرت | ٢٦٣٦٧٦ | ٣١٨٣٦٦ | ١,٣٦ |
| تونجەلی | ٩٣٥٨٤ | ٨٦٥٢٧ | -٠,٥٦ |
| شانلی ئورفا | ١٤٤٣٤٢٢ | ١٨٤٥٦٦٧ | ١,٧٧ |
| ڤان | ٨٧٧٥٢٤ | ١٠٨٥٥٤٢ | ١,٥٣ |
| باتمان | ٤٥٦٧٣٤ | ٥٥٧٥٩٣ | ١,٤٤ |
| شرناک | ٣٥٣١٩٧ | ٤٨٨٩٦٦ | ٢,٣٥ |
| ئیغدیر | ١٦٨٦٣٤ | ١٩٢٠٥٦ | ٠,٩٣ |
| کیلیس | ١١٤٧٢٤ | ١٢٨٧٨١ | ٠,٨٣ |
| ئۆسمانییە | ٤٥٨٧٨٢ | ٥٠٦٨٠٧ | ٠,٧١ |
| لە هاتای | ٢١٠٢٤٠ | ٢٥٢٢٨٩ | ١,٣١ |
| لە کارس | ١٠٥٩٣٤ | ٩٣٩١٨ | -٠,٨٦ |
| لە سیڤاس | ٢٣٣١٣ | ١٦٨٢٩ | -٢,٣٠ |
| سەرجەم | ١٣٦٩٢٨٦٧ | ١٥٢٩٢٥٢٨ | ٠,٧٦ |

* جگە لە قەزایەکانی تورکیا

Devlet İstatistik Enstitüsü- Genel Nüfus Sayımı ٢٠٠٠Adrese Dayalı Nüfus Kayıt Sistemi

**باشووری کوردستان**

یەکەم ناونووسکردنی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٢٧ لە لایەن (مديرية نفوس العامة) و دواترینیان لە ساڵی ١٩٩٧ لە لایەن(الجهاز المركزي للاحصاء ـ شعبة السكان) ئەنجام دراوە. گرنگترین خەسڵەتەکانی ناونووسکردن ئەوانەی خوارەوەن:

١. ئەنجامدانی هەشت سەرژمێری لە ساڵی ١٩٢٧ بۆ ساڵی ١٩٩٧

١. جیاوازی لە ژمارەی ساڵەکان لە نێوان دوو ناونووسکردندا. بە نموونە هی ساڵی ١٩٣٥ و هی ١٩٦٥.

٢. ناونووسکردنی دانیشتوان بەر لە کاتی خۆی. بە نموونە هی ساڵی ١٩٦٥ کە دەبوایە لە ساڵی ١٩٦٧ بکرابوایە.

٣. ناونووسکردنی دانیشتوان لە هەندێ ئەستان و نە کردنیان لە هەندێکی دیکە. بە نموونە هی ساڵی ١٩٩٧.

٤. ناونووس نەکردنێکی گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٨٧ بەرەوە سەروە.

٥. جیاوازی ژمارەکانی ناونووسکردنی دانیشتوان لە نێوان دوو سەرچاوەی فەرمیدا.

٦. کارنەکردن، لەبەر ناتەواوی سەرژمیری، بە ئەنجامی ناونووسکردن. بە نموونە هی ساڵی ١٩٢٧ و ١٩٣٥ و تا رادەیەک هی ساڵی ١٩٦٥.

٨. ناونووس نەکردنی دانیشتوانی هەندێ لە قەزا و ناحیەکان لەبەر نا لەباری بارودۆخی سیاسی. بە نموونە هی ساڵی ١٩٨٧.

**خشته ٢**

**ژمارەی و دینامیکی دانیشتوان لە، باشووری کوردستان'دا**

| ئەستان | ١٩٩٧ سەرژمێری | ٢٠١٤ خەملاندن | تێکڕایی زیادبوونی ساڵانە ٠/٠ |
|---|---|---|---|
| دهۆک | ٤٠٢٩٧٠ | ٥٦٥١٩٦ | ٢,٠١ |
| سلیمانی | ١٣٦٢٧٣٩ | ٢٢٢٦٥١٨ | ٢,٩٣ |
| کەرکوک* | ٧٥٣١٧١ | ٩٨٤٨٢٧ | ١,٥٩ |
| هەولێر | ١٠٩٥٩٩٢ | ١٨٢٦٥١٥ | ٣,٠٥ |
| نەینەوا* | ١٧٩٧٧٠٩ | ٢٨٩٣٨٤٠ | ٢,٨٤ |
| لە دیالا* | ٤٠٨٦٨٠ | ٦٥٦٧٨٨١ | ٢,٨٣ |
| لە صلاح الدين* | ١١٥١٨٥ | ١٩٢٢٧٧ | ٣,٠٦ |
| لە واسط* | ١٦٤٥٥ | ٢٦٠١١ | ٢,٧٣ |
| سەرجەم | ٥٩٥٢٩٠١ | ٩٣٧٨٧٥٢ | ٢,٧١ |

* سەرژمێری دانیشتوان

الجهاز المركزي للاحصاء. احصاءات السكان و القوى العاملة، اسقاطات سكان العراق حسب المحافظات للسنوات ١٩٩٧ --- ٢٠١٢ ص٨

الجهاز المركزي للاحصاء. المجموعة الاحصائية السنوية ٢٠١٠ _ ٢٠١١

الجهاز المركزي للاحصاء. نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٩٧

ژمارەی گشتی دانیشتوان، بە گوێرەی خاملاندن، لە ساڵی ٢٠١٤دا ٩٣٧٨ هەزار کەس بوو. ئەوەش دەکاتە بیست و چوار لە سەرجەمی دانیستوان لە کوردستان'دا. ژمارەکە لە ساڵی ١٩٩٧دا ٥٩٥٢ هەزار کەس بوو.واتە زیادەکە ٣٤٢٥ هەزار کەس بوو.

ژمارەی گشتی دانیشتوان لە ئەستانەکاندا(پارێزگایەکاندا)، بەو شێوەیە کە لە خشتەی ٢ نووسراوە.

شیکردنەوەی ژمارەکان ئەو راستیانەی خوارەوەمان بۆ دەردەخات.

١. جیاوازیێکی یەکجار زۆر لە ژمارەی گشتی دانیشتوان لە نێو ئەستانەکاندا(محافظة).
٢. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، لە گشت ئەستانەکاندا. وەلیّ بە قەبارەی جودا.
٣. گەورەتین ئەستان بە ژمارەی دانیشتوان نەینەوا و بچووکترینیش دهۆک'ە.
٤. هەبوونی دوو ئەستان کە ژمارەی دانیشتوانیان لە دوو ملیۆن زێترە.

**رۆژهەڵاتی کوردستان**

(اداره آمار عمومی)، لە ساڵی ١٣٣٥ هجری شەمسی یەکەم ناونووسکردنی ئەنجام داوە. (مرکز آمار ایران) لە ساڵی ١٣٩٠دا، دواترینی گرتووتە ئەستۆ. بەرچاوترین خەسڵەتەکانی ناونووس کردن ئەوانەی خوارەوەن:
١. ئەنجامدانی حەوت سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٣٣٤ بۆ ساڵی ١٣٩٠.
٢. ناونووسکردنی دانیشتوان هەر دە ساڵ کەرەتێک.
٣، کەمکردنەوەی ژمارەی ساڵەکان لە نێوان دوو سەرژمێریدا. بە نموونە هی ساڵی ١٣٩٠.
٤. جیاوازێکی کەم لە ئەنجامی ناونووسکردنەکاندا لە نێوان دوو سەرچاوەی فەرمیدا.
ژمارەی گشتی دانیشتوان، لە ساڵی ٢٠١٤دا ١٢٨٩٩ هەزار کەس بوو. ئەوەش دەکاتە سی و چوار لە سەد لە سەرجەمی دانیشتوان لە کوردستان'دا. ژمارەکە لە ساڵی ٢٠١١دا ١٢٨٩٤ هەزار کەس بوو. واتە زیادەکە ١٣٣٥ هەزار کەس بوو. ژمارەی گشتی دانیشتوان لە ئەستانەکاندا(پارێزگا)، بەو شێوەیە کە لە خشتەی ٣ نووسراوە. شیکردنەوەی ژمارەکان ئەو راستیانەی خوارەوەمان بۆ دەردەخات.

**خشتەی ٣**

**ژمارە و دینامیکی دانیشتوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان'دا**

| ئەستان | سەرژمێری | | تێکڕایی زیادبوونی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| | ١٣٨٥ | ١٣٩٠ | |
| آذربایجانغربی | ٢٨٧٣٤٥٩ | ٣٠٨٠٥٧٦ | ١,٤٠ |
| ایلام | ٥٤٥٧٨٧ | ٥٥٧٥٩٩ | ٠,٤٣ |
| چهار محال و بختیاری | ٨٥٧٩١٠ | ٨٩٥٢٦٣ | ٠,٨٦ |
| کردستان | ١٤٤٠١٥٦ | ١٤٩٣٦٤٥ | ٠,٧٣ |
| کرمنشاه | ١٨٧٩٣٨٥ | ١٩٤٥٢٢٧ | ٠,٦٩ |
| کهگیلویه و بویر احمد | ٦٣٤٢٩٩ | ٦٥٨٦٢٩ | ٠,٧٤ |
| لرستان | ١٧١٦٥٢٧ | ١٧٥٤٢٤٣ | ٠,٤٤ |
| لە خوزستان | ١٨٥٩٠٣٤ | ١٩١٨٧٩٦ | ٠,٦٣ |
| لە فارس | ٤٣٢٨٧٢ | ٤١٧٩٤١ | ٠,٨٤ – |
| لە بوشهر | ١١٢٨٦٩ | ١٢٢٠٦٣ | ١,٥٨ |
| سەرجەم | ١٢٣٥٢٢٩٨ | ١٢٨٤٣٩٨٢ | ٠,٧٨ |

*مرکز آماری ایران. نتایج تفصیلی سرشناری عمومی نفوس و مسکن ١٣٩٠

١. جیاوازیێکی یەکجار زۆر لە نێوان ژمارەی گشتی دانیشتوان لە ئەستانەکاندا.
٢. گەورەترین ئەستان بە ژمارەی دانیشتوان ئازەربایجانی غەربی و بچووکترنیش ئیلام'ە.
٣، ژمارەی گشتی دانیشتوان لە سێ ئەستاندا لە سەروی یەک ملیۆن کەس بوو.
٤. گەورەترین ئەستان بە ژمارەی گستی دانیشتوان لە کوردستان'دا، ئازەربایجانی غەربی بوو.

**ڕۆژئاوای کوردستان**

ناونووسکردنی دانیشتوان بۆ کەرەتی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٠دا کراوە ودواترینیان لە ساڵی ١٩٩٤دا لە لایەن (المکتب المرکزی للاحصاء) ئەنجام دراوە. گرنگترین خەسڵەتەکانی ناونووسکردن ئەوانەی خوارەوەن:

١. ئەنجامدانی چوار ناونووسکردن لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ ساڵی ١٩٩٤

٢. جیاوازی لە ژمارەی ساڵەکان لە نێوان دوو ناونووسکردندا. بە نموونە هی ساڵی ١٩٧٠ و هی ١٩٨١ و هی ١٩٩٤.

٣. دواخستنی ناونووسکردنی دانیشتوان لە کاتی خۆیدا. بە نموونە هی ساڵی ١٩٨١ کە دەبوایە لە ساڵی ١٩٨٠ بکرابوایە.

٤، نەبوونی جیاوازی لە ژمارەی گشتی دانیشتوان لە نێوان دوو سەرچاوەی فەرمیدا.

ژمارەی دانیشتوان، لە ساڵی ٢٠١٤دا، ١٣٧٩ هەزار کەس بوو. ئەوەش دەکاتە سێ لە سەد لە سەرجەمی دانیشتوان لە کوردستان'دا.ژمارە، لە ساڵی ١٩٩٤دا ١٠١٩ هەزار کەس بوو. واتە زیادەکە ٣٥٩ هەزار کەس بوو. ژمارەی گشتی دانیشتوان لە قەزایەکاندا(منطقه)، بەو شێوەیە کە لە خشتەی ٤ نووسراوە. شیکردنەوەی ژمارەکان ئەو ڕاستیانەی خوارەوەمان بۆ دەردەخات.

**خشتە ٤**

**ژمارەی و دینامیکی دانیشتوان لە، ڕۆژئاوای کوردستان'دا**

| مەنتیقە | ١٩٩٤ سەرژمێری | ٢٠١٤ خاملاندن | تێکڕایی زیادبوونی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| المالکیه | ١٣٥٠٣٠ | ١٩١٤١٣ | ١,٧٦ |
| القامشلی | ٢٩٦٠١٦ | ٤٠٥٠٢٣ | ١,٥٨ |
| راس العین | ٢٢٩٥٣٤ | ٢٨٩٠٨٤ | ١,١٦ |
| کوبانێ | ١٦١٤٤٦ | ٢٢٤٤٠٣ | ١,٦٦ |
| تل ابیض | ٣٥٠٩٤ | ٤٦٥٢٧ | ١,٤٢ |
| عەفرین | ١٦٢٦٣٠ | ٢٢٢٠٨٠ | ١,٥٧ |
| سەرجەم | ١٠١٩٧٥٠ | ١٣٧٨٥٣٠ | ١,٥٢ |

* المکتب المرکزی للاحصاء. النتائج الاجمالیة لتعداد السکان و المساکن لعام ١٩٩٤، حسب التقسیمات الاداریة محافظة الحسکة. محافظة الحلب. محافظة الرقة.

١. جیاوازیەکی زۆر گەورە لە ژمارەی گشتی دانیشتواندا لە نێوان قەزایەکاندا.

٢. گەورەترین قەزا بە ژمارەی دانیشتوان کۆبانی و بچووک ترینیش گری سپی بوو،

٣. ژمارەی دانیشتوان گەورەترین قەزا لە نیو ملیۆن کەمترە.

### ٢. پێکهاتەی دانیشتوان بە گوێرەی تەمەن

شارەزایان لە مەیدانی دانیشتواندا، لە ناویاندا جوگرافیازان دانیشتوانی بە گوێرەی تەمن دەکەن بە گروپی پێنج ساڵی و ئەوانەش، بۆ ئاسانکردنی شیکردنەوە و خۆ دوور گرتن لە دووبارە بوونەوە، لە سێ گروپی گەورە لێک دەدەن. خەسڵەتەکانی پێکهاتەی تەمەن لە کوردستان؛دا، هەندێکیان ئەوانەی خوارەوەن:

١. بەرزی رێژەی تەمەنی بچووک، لەبەر خێرایی هاتن و تێپەڕبوونی نەوە.

٢. نزمی رێژەی تەمەنی گەورە، لەبەر کورتی تەمەن.

٣. نزمی رێژەی ئەوانەی دەستیان چەک دەگری، لەبەر شەهید بوونیان لە بەرگریکردنی کوردستاندا.

٤. رێژەی مێینە لە تەمەنەکانی پەنجا ساڵی بەرەو ژوور لە چاو هی نێرینە کەمێک بەرزترە.

رێـژەی سـێ تەمەنە سـەرەکییەکەی دانیشـتوان لە کوردسـتان؛دا، لەسـەر جەمـی دانیشـتواندا، زۆر لێـک جودان(خشتە ٥).

### یەکەم. گروپی تەمەن بچووک(٠ ـ ١٤ ساڵ)

رێژەیـان لە سـەرجەمی دانیشـتواندا نـزیکەی بیسـت و چـوار لە سـەد بـوو. ئەوانە ئەورۆ پێویسـتیان بە بەخێوکردن(دایک و باوک و دەوڵەت) هەیە. وەلێ لە داهـاتوودا، دەبنە هێـزی بەرهەم هێنەر و قەرەبۆی ئەو خەرجیانە دەکەنەوە کە لێیان کراوە.

**خشتە ٥**

**پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان لە کوردستان'دا ساڵی ٢٠١٤(خاملاندن)***

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| سەرجەم | ٣٩٢٧٩٥٦٤ | ١٠٠,٠ |
| ٠ ـ ٤ | ٣٢٥٦٢٧٩ | ٨,٢٩ |
| ٥ ـ ٩ | ٢٩٥٧٧٥٢ | ٧,٥٣ |
| ١٠ ـ ١٤ | ٢٩٦٥٦٠٨ | ٧,٥٥ |
| ١٥ ـ ١٩ | ٣٤٥٢٦٧٣ | ٨,٧٩ |
| ٢٠ ـ ٢٤ | ٤٣٩٩٣١١ | ١١,٢٠ |
| ٢٥ ـ ٢٩ | ٤٥٣٢٨٦١ | ١١,٥٤ |
| ٣٠ ـ ٣٤ | ٣٦٤٥١٤٣ | ٩,٢٨ |
| ٣٥ ـ ٣٩ | ٢٩١٠٦١٥ | ٧,٤١ |
| ٤٠ ـ ٤٤ | ٢٥٦٤٩٥٥ | ٦,٥٣ |
| ٤٥ ـ ٤٩ | ٢١٠٥٣٨٤ | ٥,٣٦ |
| ٥٠ ـ ٥٤ | ١٨٤٢٢١١ | ٤,٦٩ |
| ٥٥ ـ ٥٩ | ١٤٧٢٩٨٣ | ٣,٧٥ |
| ٦٠ ـ ٦٤ | ٩٧٤١٣٣ | ٢,٤٨ |
| ٦٥ ـ ٦٩ | ٧٠٣١٠٤ | ١,٧٩ |
| ٧٠ ـ ٧٤ | ٦٥٩٨٩٦ | ١,٦٨ |
| > ٧٥ | ٨٣٦٦٥٤ | ٢,١٣ |

* عەبدوللا غەفور. جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان. ستۆکهۆڵم ـ ١٩٩٤

* عەبدوللا غەفور. جوگرافیای کوردستان. چاپی شەشەم. هەولێر ـ ٢٠١٣

**دووەم. گرووپی تەمەن ناوەنجی(١٤ ــ ٦٤ ساڵ)**
ڕێژەیان لە سەرجەمی دانیشتواندا نزیکەی حەفتا و یەک لە سەد بوو. ئەوانە هەموویان، بە جۆرێک لە جۆرەکان هاوبەشی لە بەرهەم هێنانی مادی و غەیرە مادی، بۆ خۆیان و ئەوانەی گرووپەکانی دیکە، دەکەن. ڕێژەیان چەندی بەرز بی ئەوە ئەوەندە هێزی کار زۆرتر دەبی.

**سێیەم. گرووپی تەمەن گەورە(٦٥ ساڵ و بەرەو ژوور)**
ڕێژەیان لە سەرجەمی دانیشتواندا نزیکەی پێنج لە سەد بوو. ئەوانە، ئەو کەسانەن کە لە گرووپی پێش خۆیان ماونەتەوە و کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری کارکردن و. پێویستییان بە بەخێوکردن. لە لایەن خێزانەکانیان یان دەوڵەت، هەیە.
ڕێژەی گرووپەکانی تەمەن لەسەرجەمی دانیشتوان لە ئەستانەکانی کوردستان'دا، لەبەر نەبوونی جیاوازێکی بەر چاو لە ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی'دا، زۆر لێک نزیکە.

**٣. پێکهاتەی دانیشتوان بە گوێرەی ڕەگەز**
ڕێژەی نێرینە و مێینە لە سەرجەمی دانیشتوان لە کوردستان'دا، جیاوازیەکی بەرچاوی نیە. ڕێژەکە، لە ساڵی ٢٠١٤دا (خامڵاندن) بەو شیوە بوو: نێرینە ــ ٥٠،٣ ٠/٠ و مێینە ــ ٤٦،٧ ٠/٠ڕێژەی جۆری، لە هەمان ساڵدا، ١٠٢ پیاو بەرامبەر ١٠٠ ژن بوو. جیاوازیەکە لە ڕۆژی ئەوڕۆدا، لەبەر شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگە، لە دەوروبەری سفر دایە.

**٤. چڕی دانیشتوان لە کوردستان'دا**
رووپێوی کوردستان، لەبەر پێلێنەنانی دەوڵەتەکانی دەوروبەر و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتیەکانی وەکو نەتەوە یەگرتووەکان و هەندێک تویژەری بیانی و بگەرە خۆمانیش، بە تەواوی نازاندرێ. لەبەر ئەوە ژمارەی جوداجودا، لە سەرچاوەکاندا، بەر چاو دەکەوی.
رووپێوی کوردستان بە لای منەوە، بە لەبەر چاوگرتنی ئاوەدان کردن و ئالوگۆڕکردن و ئالوگۆڕپێکردن و ئێکۆچکردن(کۆچکردن بۆ ناوەوە) و ئێکۆچکردن(کۆچکردن بۆ دەرەوە)، ٥٣٦ هەزار کیلۆمەتر چوار گۆشە دەبی. کەوابی چڕی گشتی دانیشتوان لە کوردستان'دا لە ساڵی ٢٠١٤دا ٧٣ کەس بوو.
شیکردنەوەی نەخشەی چڕی دانیشتوان لە کوردستان'دا، پێمان دەڵێ کە نەخشەکە زۆر نارێکەبی. خۆشی هەر دەبی وابی، لەبەر جیاوازی لە هۆکاری سروشتی وەکو: ئەندازەی باران بارین؛ چەشنی خاک؛ بەرزی و نزمی زەوی و ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی وهۆکاری مرۆیی وەکو: سەنتەری کارگێڕی؛ ناوچەی پیشەسازی؛ ڕێگەوبان و... هتد.
جیاوازی لە چڕی دانیشتوان'دا، بەر چاوتر دەبی، گەر بێتوو سەیری نەخشەکە، لەسەر ئاستی ئەستانەکان'دا، بکرێ(خشتە٦).شیکردنەوەی خشتەکان ئەو راستیانەمان بۆ دەردەخات.
١.جیاوازێکی یەکجار بەرچاو لە چڕی دانیشتواندا لە نێوان ئەستانەکاندا. جیاوازیەکە لە سەد و پەنجا کەس زیاترە لە یەک کیلۆمەتر چوارگۆشەدا.
٢. بەرزترین چڕی دانیشتوان لە ئەستانی گازی ئانتاب و نزمترینیش لە ئەستانی تونجەلی بوو. هۆکارەکەی بە گوێرەی یەکەم بۆ پێشکەوتنی باری ئابووری و رووتێکردنی کۆچبەر و بە گوێرەی دووەمیش کۆچکردن بۆ دەرەوە، بوو.
٣. چڕی دانیشتوان لە ئەستانەکانی باکووری کردستان؛دا، کەمێک لە هی ئەوانەی ڕۆژهەڵات و باشوور بەرزترە.
٤. هەڵبەزین و دابەزین لە چڕی دانیشتواندا، لە بەر هاتنی و دەرچوونی ئاوارە، لە هەندێ ئەستاندا. بە نموونە ئەستانی دهۆک و هیدیکە.

خشتەی ٦

چڕی گشتی لەکوردستان دا

| ئەستان | رووپێو کم٢ ساڵی ٢٠٠٠ | دانیشتوان ساڵی ٢٠١٤ | کەس لە ١ کم٢ |
|---|---|---|---|
| ئادیەمان | ٧٠٣٣ | ٥٩٧٨٣٥ | ٨٥ |
| ئاگری | ١١٤٧٠ | ٥٤٩٤٣٥ | ٤٨ |
| بینگۆل | ٨٢٥٣ | ٢٦٦٠١٩ | ٣١ |
| بیتلیس | ٧٠٢١ | ٣٣٨٠٢٣ | ٤٨ |
| دیاربەکر | ١٥٠٥٨ | ١٦٣٥٠٤٨ | ١٠٩ |
| ئەلازیغ | ٨٤٥٥ | ٥٦٨٧٥٣ | ٦٧ |
| ئەرزنجان | ١١٦١٩ | ٢٢٣٦٣٣ | ١٩ |
| ئەرزوروم | ١٦٠٥٨ | ٦٥١٣٤١ | ٤١ |
| گازی ئانتاپ | ٦٨١٩ | ١٨٨٩٤٦٦ | ٢٧٧ |
| هەکاری | ٧١٧٩ | ٢٦٧٢٨٧ | ٣٧ |
| مالاتیا | ١١٧٧٦ | ٧٦٩٥٤٤ | ٦٥ |
| کاهرامان مارش | ١١٧٥٦ | ٧٥٣٥٩١ | ٦٤ |
| ماردین | ٨٨٠٦ | ٧٨٨٩٩٦ | ٩٠ |
| موش | ٨٠٥٩ | ٤١١٢١٦ | ٥١ |
| سییرت | ٥٤٧٣ | ٣١٨٣٦٦ | ٥٨ |
| تونجەلی | ٧٤٣٢ | ٨٦٥٢٧ | ١١ |
| شانلی ئورفا | ١٨٧٦٥ | ١٨٤٥٦٦٧ | ٩٨ |
| وان | ١٨٢٩٩ | ١٠٨٥٥٤٢ | ٥٩ |
| باتمان | ٤٦٥٩ | ٥٥٧٥٩٣ | ١١٩ |
| شرناک | ٧١٥٢ | ٤٨٨٩٦٦ | ٦٨ |
| ئیغدیر | ٣٥٨٨ | ١٩٢٠٥٦ | ٥٤ |
| کیلیس | ١٤٢٨ | ١٢٨٧٨١ | ٩٠ |
| ئۆسمانییە | ٣١٢٤ | ٥٠٦٨٠٧ | ١٦٢ |
| لە هاتای | ١٤٧٢ | ٢٥٢٢٨٩ | ١٧١ |
| لە کارس | ٣٧٦٨ | ٩٣٩١٨ | ٢٥ |
| لە سیڤاس | ٢٧١٦ | ١٦٨٢٩ | ٦ |
| سەرجەم | ٢١٧٢٣٨ | ١٥٢٩٢٥٢٨ | ٧٠ |
| ئەستان | رووپێو<br>٢٠٠٩ | دانیشتوان<br>٢٠١٤ | |
| دهۆک | ٦٥٥٣ | ٥٦٥١٩٦ | ٨٢ |
| سلێمانی | ١٦١٤٥ | ٢٢٢٦٥١٨ | |
| گەرمیان | ٢٤٩٧٢ | | |
| هەولێر | ١٥٠٧٤ | ١٨٢٦٥١٥ | ١٢١ |
| هەلەبجە | ٨٧٨ | | |
| کەرکوک | ٩٦٧٩ | ٩٨٤٨٢٧ | ١٤١ |
| نەینەوا | ١٦٢٢٢ | ٢٨٩٣٨٤٠ | |
| لە دیالا | ٧٠٤٨ | ٦٥٦٧٨١ | ٩٣ |
| لە سەلاحەدین | ٢٣١٦ | ١٩٢٢٧٧ | ٨٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لە واسط | ٣٦٥٠ | ٢٦٠١١ | |
| سەرجەم | | ٩٣٧٨٧٥٢ | ٧ |
| ئەستان | رووپێو کم٢<br>ساڵی ١٣٩٠ | دانیشتوان<br>١٣٩٠ | کەس<br>لە ١ کم٢ |
| آذربایجان غربی | ٣٧٤١١ | ٣٠٨٠٥٧٦ | ٨٢ |
| ایلام | ٢٠١٣٣ | ٥٥٧٥٩٩ | ٢٨ |
| چهار محال و بختیاری | ١٦٣٢٨ | ٨٩٥٢٦٣ | ٥٥ |
| کردستان | ٢٩١٣٧ | ١٤٩٣٦٤٥ | ٦١ |
| کرمنشاه | ٢٥٠٠٩ | ١٩٤٥٢٢٧ | ٧٨ |
| کهگیلویه و بویر احمد | ١٥٥٠٤ | ٦٥٨٦٢٩ | ٤٢ |
| لرستان | ٢٨٢٩٤ | ١٧٥٤٢٤٣ | ٦٢ |
| لە خوزستان | ٣٤٩٠٨ | ١٩٢٤٥٦٨ | ٥٥ |
| لە فارس | ١٠٣٧٤ | ٤٥٨٧٤٦ | ٤٤ |
| لە بوشهر | ٣٥٣٥ | ١٣١٤٩٤ | ٣٧ |
| سەرجەم | ٢٢٠٦٣٣ | ١٢٨٩٩٩٩٠ | ٥٨ |
| قەزا | رووپێو کم٢<br>ساڵی ٢٠١٤ | دانیشتوان<br>٢٠١٤ خاملاندن | کەس<br>لە ١ کم٢ |
| عەفرین | ٢٠٥٠ | ٢٢٢٠٨٠ | ١٠٨ |
| کۆبانێ | ٢٧٣٠ | ٢٢٤٤٠٣ | ٨٢ |
| سەری کانی | ٣٨٣٩ | ١٨٢١٥٢ | ٤٧ |
| قامشلۆ | ٢٤٠٤ | ٤٠٥٠٢٣ | ١٦٨ |
| دێرک | ٢٤٠٨ | ١٩١٤١٣ | ٧٩ |
| گرێ سپی | ١٨٣٣ | ٤٦٥٢٧ | ٢٥ |
| سەرجەم | ١٥٢٦٤ | ١٣٧٨٥٣٠ | ٩٠ |

Adrese Dayalı Nüfus Kayıt Sistemi
Hayati DOĞANY- TÜRKİYE BEŞERİ COĞRAFYASI, İSTANBUL – ١٩٩٤
TÜRKİYE COĞRAFYA ATLASI İSTANBUL – ٢٠٠٤

مرکز امار ایران. مساحت تقریبی شهرستانها، بخشها و دهستانها
الجهاز المرکزی للاحصاء. المجموعة الاحصائیة السنویة ٢٠١٠ ـ ٢٠١١

**٥.کۆچکردنی ناوەخۆ لە کوردستان'دا**

دیاردەیێکی ئەوڕۆ و دوینێیە لە نێو سەرجەمی دانیشتوان لە کوردستان'دا. ڕێژەی ئەوانەی زیدی خۆیان (شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی) بە یەکجارەکی یان بۆ ماوەکی درێژ بەجی دەهێڵن، بە تەواوی نازاندرێ. وەلێ بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی ئابووری و سیاسی ئەوڕۆکەی کوردستان، دەکرێ بگوترێ ڕێژەکە هەتاکو پازدە لە سەد دەروا. هۆکارەکانی کۆچکردنی ناوەخۆ، لە کوردستان؛دا، ئەوانەی خوارەوەن:

**یەکەم. هۆکاری ئابووری**

زۆربەی زۆری دانیشوان لە کوردستان'دا بە مۆتیڤی ئابووری لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە کۆچ دەکا. هەندێک لە مۆتیڤەکان ئەمانەن: گەڕان بە دوای کار و هەبوونی کاری بەردەوام و ڕۆژانەی باشتر و هەرزانی بازار و کرێی هاتوچۆ و خانووبەرە(عقارات)... هتد.

**دووەم. هۆکاری سیاسی**

ڕۆڵی ئەو هۆکارە، لە ڕۆژی ئەوڕۆدا، لەبەر هێرشکردنی سەر خاکی کوردستان لە لایەن داعش لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ دا بۆ ناوچە سنووریەکان( شەنگاڵ. مەخمور. دووبز. کەرکوک. داقوق) لەگەڵ عێراقدا و

هێرشەکانی داعش و جبهة النصرة لە ناوچە سنوریەکان لەگەڵ سوریادا(دێرک، قامشلۆ. کوبانێ، سەری کانی، گرێ سپی. عەفرین. حەسەکە). هەروەها هێرشی لەشکری تورکیا لە باکوور و هی ئێران لە رۆژهەڵاتدا.

**سێیەم. هۆکاری خزمەتگوزاری**

هەبوونی جیاوازێکی یەکجار زۆر لە جۆر و ژمارە و چەشنی خزمەتگوزاریەکانی وەکو قوتابخانە و نەخۆشخانە و ئاو و کارەبا و رێگەوبان و بازار و شوینی حەسانەوە و کات بەسەربردن و هاتوچۆ کردن، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە. کۆچبەرەکان، بۆ سوود وەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانە، کۆچ لە یەکە کارگێریەک بۆ ئەوی دیکە دەکەن و لێی نیشتەجێ دەبن. شارە گەورەکانی کوردستان (ئامەد. ئەرزەروم. دێلوک. ئورمیە. کرماشان. سنە. هەولیر. سلێمانی. دهۆک ... هتد) ساڵانە سەدان کۆچبەر رویان تێ دەکەن.

**٥. شارنیشینی لە کوردستان'دا**

پەیدابوونی ئاوەدانی ــ شوێنی بنیاتنانی خانووبەرە بۆ تێدا ژیان ــ لە کوردستان'دا، بە گوێرەی هەڵکۆڵینەکانی ئەرکیولۆژیان، بۆ چەند هەزار ساڵ بەر لە زاین دەگەرێتەوە. دوای لێک دابڕانی کاری نە کشتوکاڵی لە هی کشتوکاڵی گوند و شار لێرە و لەوێ پەیدا بوو. ژمارەی ئەو جۆرە ئاوەدانیانە بەرەبەرە زیادی کردووە و ئەورۆ سەدان شار و هەزاران گوند لە سەر خاکی کوردستان'دا وجودیان هەیە.

**پێناسەی شار**

فەرمانگەکانی دەوڵەت، لەبەر لەدەستدانی یەک پارچەیی خاک و بەڕێوەبردنی وڵات بە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی جودا، پێناسەکی سەرتان سەریان بۆ شار نیە.

شار لە باکوور'دا ــ گشت سەنتەری ئەستان و قەزا و ئەو ئاوەدانیانەی کە ژمارەی دانیشتونیان دە هەزار کەس و زیاترە(١٠).

شار لە باشووردا ــ گشت سەنتەری ئەستان و قەزا و ناحیەیەکان و ئەوانەی شارەوانیان هەیە. بێ لەبەر چاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان و جۆری چالاکی دانیشتوانی چالاک لە مەیدانی ئابووریدا.

شار لە رۆژهەڵاتدا ــ گشت ئەو شوێنە جوگرافیانەی کە شارداری (شهرداری)یان هەیە(٩).

شار لە رۆژئاوادا ــ سەنتەری ئەستان و مەنتیقە و ئاوەدانیەکانی کە ژمارەی دانیشتوانی لە دە هازار و بەرەو ژۆرە.

رێژەی شارنیشینان لە ساڵی ٢٠١٤دا، بە گوێرەی پێناسەکانی فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ شار، لە کوردستان'دا ــ ٨١ ٠/٠ لە سەرجەمی دانیشتواندا بوو.

کوردستان ــ بە گوێرەی ئەو رێژەیە، لە پاڵ وڵاتانی دەوروبەر دایە. بە نموونەی رێژەی شانشینی لە تورکیادا ــ ٩٢ لە ساڵی ٢٠١٤دا. لە ئێراندا ــ ٧١ لە ساڵی ٢٠١١دا. لە عێراقدا ــ ٦٧ لە ساڵی ٢٠١١دا.

هۆکارەکانی بەرزی رێژەی شارنیشینی لە کوردستان'دا، ئەوانەی خوارەوەن:

١. کۆچکردن لە گوند بۆ شار

٢. بەرزی رێژەی زیادەی سروشتی لە نێو دانیشتوانی شاردا.

٣. گۆڕینی ستاتوسی کارگێری هەندێ شوێنی نیشتەجێ بوون لە گوند بۆ شار.

رێژەی شارنیشینی لە سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانەکانی کوردستان'دا، لەبەر جیاوازی جۆری چالاکی ئابووری(کشتوکاڵی، پیشەسازی. خزمەتگوزەرانی) و کۆچکردنی دەرەکی، جیاوازە (خشتە٧). لە شیکرنەوەی ژمارەکانی ناو خشتەکە ئەو راستیانەی خوارەوەمان دەست دەکەوی

خشتەی ٧

ژمارەی شارنیشینی و گوندنیشینی لە کوردستان'دا،بە گوێرەی ئەستان

| ئەستان | ساڵی ٢٠٠٠ | | |
|---|---|---|---|
| | سەرجەم | شارنیش | گوندنیش |
| ئادیەمان | ٦٢٣٨١١ | ٣٣٨٩٣٩ | ٢٨٤٨٧٢ |
| ئاگری | ٥٢٨٧٤٤ | ٢٥٢٣٠٩ | ٢٧٦٤٣٥ |
| بینگۆل | ٢٥٣٧٣٩ | ١٢٣٤٧٠ | ١٣٠٢٦٩ |
| بیتلیس | ٣٨٨٦٧٨ | ٢١٩٥١١ | ١٦٩١٦٧ |
| دیاربەکر | ١٣٦٢٧٠٨ | ٨١٧٦٩٢ | ٥٤٥٠١٦ |
| ئەلازیغ | ٥٦٩٦١٦ | ٣٦٤٢٧٤ | ٢٠٥٣٤٢ |
| ئەرزنجان | ٣١٦٨٤١ | ١٧٢٢٠٦ | ١٤٤٦٣٥ |
| ئەرزوروم* | ٧٥٢١٤٤ | ٤٩٧٦٠٧ | ٢٥٤٥٣٧ |
| گازی ئانتاپ | ١٢٨٥٢٤٩ | ١٠٠٩١٢٦ | ٢٧٦١٢٣ |
| هەکاری | ٢٣٦٥٨١ | ١٣٩٤٥٥ | ٩٧١٢٦ |
| مالاتیا | ٨٥٣٦٥٨ | ٤٩٩٧١٣ | ٣٥٣٩٤٥ |
| کاهرامانمارش* | ٧٩٢٥٨٢ | ٤٦١٦٣٠ | ٣٣٠٩٥٢ |
| ماردین | ٧٠٥٠٩٨ | ٣٩١٢٤٩ | ٣١٣٨٤٩ |
| موش | ٤٥٣٦٥٤ | ١٥٩٥٠٣ | ٢٩٤١٥١ |
| سییرت | ٢٦٣٦٧٦ | ١٥٣٥٢٢ | ١١٠١٥٤ |
| تونجەلی | ٩٣٥٨٤ | ٥٤٤٧٦ | ٣٩١٠٨ |
| شانلی ئورفا | ١٤٤٣٤٢٢ | ٨٤٢١٢٩ | ٦٠١٢٩٣ |
| ڤان | ٨٧٧٥٢٤ | ٤٤٦٩٧٦ | ٤٣٠٥٤٨ |
| باتمان | ٤٥٦٧٣٤ | ٣٠٤١٦٦ | ١٥٢٥٦٨ |
| شرناک | ٣٥٣١٩٧ | ٢١١٣٢٨ | ١٤١٨٦٩ |
| ئیغدیر | ١٦٨٦٣٤ | ٨١٥٨٢ | ٨٧٠٥٢ |
| کیلیس | ١١٤٧٢٤ | ٧٤٩٨٥ | ٣٩٧٣٩ |
| ئۆسمانییە | ٤٥٨٧٨٢ | ٣١١٩٩٤ | ١٤٦٧٨٨ |
| لە هاتای | ٢١٠٢٤٠ | ٨٨٥٤٧ | ١٢١٦٩٣ |
| لە کارس | ١٠٥٩٣٤ | ٤٤٩٢١ | ٦١٠١٣ |
| لە سیڤاس | ٢٣٣١٣ | ١٤٤٢٩ | ٨٨٨٤ |
| سەرجەم | ١٣٦٩٢٨٦٧ | ٨٠٧٥٧٣٩ | ٥٦١٧١٢٨ |
| ئەستان | ساڵی ١٣٩٠ | | |
| | سەرجەم | شارنیش | گوندنیش |
| آذربایجانی غربی | ٣٠٨٠٥٧٦ | ١٩٣٢٥٤٤ | ١١٤٨٠٣٢ |
| ایلام | ٥٥٧٥٩٩ | ٣٥٦٨٩٦ | ٢٠٠٧٠٣ |
| چهار محال و بەختیاری | ٨٩٥٢٦٣ | ٥٢١٠٧١ | ٣٧٤١٩٢ |
| کردستان | ١٤٩٣٦٤٥ | ٩٨٥٨٧٤ | ٥٠٧٧٧١ |
| کرمانشاه | ١٩٤٥٢٢٧ | ١٣٥٥٠٩٤ | ٥٩٠١٣٣ |
| کوهگیلویە و بویر احمد | ٦٥٨٦٢٩ | ٣٤٦٦٢٦ | ٣١٢٠٠٣ |
| لرستان | ١٧٥٤٢٤٣ | ١٠٧٥٩٥١ | ٦٧٨٢٩٢ |
| لە خوزستان | ١٩١٨٧٩٦ | ١١٩٢٤٩٣ | ٧٢٦٣٠٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لە فارس | ٤١٧٩٤١ | ٢٠٤١٠٤ | ٢٣٣٨٣٧ |
| لە بوشهر | ١٢٢٠٦٣ | ٩٤٦٢٠ | ٢٧٤٤٣ |
| سەرجەم | ١٢٨٤٣٩٨٢ | ٨٠٦٥٢٧٣ | ٤٧٩٨٧٠٩ |
| ئەستان | سالّی ٢٠١٢ | | |
| | سەرجەم | شارنیش | گوندنیش |
| دهۆک | ١١٥٨٦٣٣ | ٨٥٢٤٣٢ | ٣٠٦٢٠١ |
| سلیمانی | ١٩٣١٥٦٠ | ١٦٤٣٠٦٨ | ٢٨٨٤٩٢ |
| کەرکوک* | ١٤٣٢٧٤٧ | ١٠٢٩٦٤٣ | ٤٠٣١٠٤ |
| هەولێر | ١٦٥٧٦٨٤ | ١٣٨١٢٩٧ | ٢٧٦٣٨٧ |
| نەینەوا* | ٢٩٤٥٩٠٦ | ١٩٤٧١٧٨ | ٩٩٨٧٢٨ |
| لە دیالا* | ٥٩٣٨٢٢ | ٢٨٦٣٣١ | ٣٠٧٤٩١ |
| لە صلاح الدین* | ١٧٦٧٨٧ | ١١٦٢٤٣ | ٦٠٥٤٤ |
| لە واسط* | ٢٦٢٩٨ | ١١٩٨٣ | ١٤٣١٥ |
| سەرجەم | ٩٩٢٣٤٣٨ | ٧٢٦٨١٧٦ | ٢٦٥٥٢٦٢ |
| | | | |
| مەنتیقە | سالّی ١٩٩٤ | | |
| | سەرجەم | شارنیش | گوندنیش |
| دێرک | ١٣٥٠٣٠ | ٢٤٨٧٣ | ١١٠١٥٧ |
| قامشلۆ | ٢٩٦٠١٦ | ٢٣٠٧٥٥ | ٦٥٢٦١ |
| سەری کانی | ١٣٧٦٦٣ | ٣٤٥٥٣ | ١٠٣١١٠ |
| کوبانێ | ١٦١٤٤٦ | ٨٥٩٣ | ١٥٢٨٥٣ |
| گرێ سپی | ٣٥٠٩٤ | ٥٦٩٥ | ٢٩٣٩٩ |
| عەفرین | ١٦٢٦٣٠ | ٥٠٧٤٨ | ١١١٨٨٢ |
| سەرجەم | ٩٢٧٨٧٩ | ٣٥٥٢١٧ | ٥٧٢٦٦٢ |

* جگە لە قەزایەکانی تورکیا

GENEL NÜFUS SAYIMI ٢٠٠٠

الجهاز المرکزی للاحصاء.. شعبة السکان. اسقاطات ٢٠١٢ (غیر منشوره)

مرکز آمار ایران. نتایج تفصیلی سرشماری عمومی نفوس و مسکن ١٣٩٠. ص ٥٨ ـ ٩٤

مرکز آمار ایران. گذیده نتایج سرشماری عمومی نفوس و مسکن ١٣٩٠

١. جیاوازیەکی یەکجار زۆر لە ڕێژەی شارنیشدا لە سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانەکاندا. جیاوازیەکە لە نێوان سلێمانی و موشدا پەنجا لە سەدا بوو. بەرزی ڕێژەکە لە یەکەمدا، بۆ هەبوونی پایتەخت و نزمی ڕێژەکە لە دووەمدا، بۆ ئابووری کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە.

٢. نەگەیشتنی ڕێژەی شارنیشینی بۆ پەنجا لە سەد لە سەرجەمی دانیشتواندا لە ئەستانەکانی موش و ئیغدیر و ئاگری و بینگۆڵ'دا. هۆکارەکەی بۆ دواکەتووی ئابووری، دەگەڕێتەوە.

٣. بەرزترین ڕێژەی شارنیشینی لە ئەستانی سلێمانی و هەولێر بوو. کەمترینیش لە هی موشدا بوو.

٤. بەرزی ڕێژەی شارنیشین لە ئەستانەکانی باشووری کوردستان'دا لە چاو هی ناوچەکانی دیکە. هۆکارەگەی بۆ ڕاگواستنی گوندنیشینان بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەکان و جیاوازی لە پێناسەی شار، دەگەڕێتەوە.

**خەسڵەتەکانی شارنیشینی لە کوردستان'دا**

باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی، ئەوانە هەموویان بەسەر یەکەوە، چەندین خەسڵەتییان بە شارنیشینی لە کوردستان'دا داوە. لە نێوانیاندا ئەمانەی خوارەوە:

١. جیاوازێکی یەکجار زۆر لە ژمارەی دانیشتوانی گەورەتین و بچووکترین شار. جیاوازیەکە لە یەک ملیۆن زیاترە.

٢. شارنیشینی تەنیا ڕێژەی دانیشتوان لە شارەکان لەبەر چاو دەگری. لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری پشت گوێ دەخری.

٣. دەست بەردارنەبوون لە زۆربەی رەوشتەکانی پێش بۆ شار هاتن. واتە،ژیانکردن لە شاردا بە شێوازی لادێیی.

٤. نەغارادنی پیشەی شارنیشینان لە شارەکاندا. کەسێک بۆی هەیە ئەورۆ وەستای دیوار و بەیانی فیتەرچی بی.

**ڕێزبەندی شار لە کوردستان'دا**

جوگرافیازانان شارەکان بە گوێرەی قەبارەی دانیشتوان ڕێزدەکەن و، پاشان ئەوانەی ژمارەکەیان لێک نزیکە لە کلاسێک(گروپ. دەستە. چین) کۆیان دەکەنەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکەن. لە دیاریکردنی سنووری نێوان گروپەکان، لەبەر ئەوەی، تەعبیر لە هێزی ئابووری شارەکە دەکا، دەبێ زۆر ئاگادار بین. ئەو سنوورەی بۆ وڵاتێک دەستدەدا، بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوەی دیکە دەست نادات. جوگرافیازانان لە باشووری کوردستان'دا، لە کارەکانیاندا، ئەو راستیە لەبەر چاو ناگرن و لاسای نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەنەوە، کە شاری بۆ گەورە و ناوەنجی و بچووک دابەشکردوە.

ژمارەی شار لە کوردستان'دا، هەڵبەتە بە گوێرەی پێناسەی دەوڵەت، لەبەر کۆنبوونی سەرچاوەکان و، بێ دەرفەتی تاوتوێکردنی سەدان ژمارە ، بە تەواوی نازاندرێ. وەلێ بە مەزەندە، لە ساڵی ٢٠١٤دا، نابێ لە پێنج سەد دانە کەمتر بووبی.

ئەنجامی دواترین ناونووسکردنی دانیشتوان کە ساڵی ١٣٩٠ هجری شەمسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان'دا ئەنجامدراوە، باس لە هەبوونی ٢٣٨ شار، جودا بە ژمارە و قەبارەی دانیشتوان، دەکا. شارەکانم بۆ حەوت کلاس

دابەشکردوە (خشتە٨). شێکردنەوەی ئامارەکان ئەو راستیانەی خوارەوە بەر چاو دەخەن.

١. دوو شار(کرماشان ــ ٨٥١٤٠٥ کەس و ورمێ ــ ٦٦٧٤٩٩ کەس) ژمارەی دانیشتوانیان لە نیو ملیۆن کەس بەسەرەوەیە و، نزیکەی نۆزدە لەسەد لەسەرجەمی شارنیش لە خۆ دەگرن. هەردووکیان سەنتەری ئەستان و شوێنی کۆبوونەوەی زۆربەی دەزگا پیشەسازیەکانی ئەستانەکەن و، خاوەن بازارێکی گەرمی نێو خۆ و دەرەوەن.

٢. زۆربەی زۆری شارنیش لە شارەکانی کلاسی دووەم(٤٠٠ ــ ١٠٠ هەزار کەس) دەژین. ئەوانە بریتینە لە سەنتەری کارگێری گشت ئەستانەکان و هی چەند شهرستان(قەزا).

٣. گەورەترین کلاسی شار بە ژمارە هی شەشەم( ٥ ــ ١ هەزار کەس) بوو. سەرجەمی دانیشتوانیان لە چاو ژمارەکەیان، لەبەر گەشەنەکردنی ئابووری: ــ کشتوکاڵ و پێشەسازی ترادیسیۆنی (سونەتی. تەقلیدی) کەمە.

٤. هەشت شار ژمارەی دانیشتوانیان لە هەزار کەس کەمترە و هی شارێکییانیش(سومار لە شەهرستانی قەسری شیرینی سەر بە ئەستانی کرماشان) نۆ کەس بوو. ئەوانە بە زۆری گوند بوونەوە و لەبەر شوێنی سەربازیان و نزیکییان لە سنوور، سفەتی شەهرداریان پێ دراوە. هەندێکییان، دوای شەر راگرتن لە گەڵ عێراقدا لە ساڵی ١٩٨٨، بە تەواوی ئاوەدان نەبووینەوە.

**خشتەی ٨**

**ڕێزبەندی شار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان'دا (ساڵی ١٣٩٠)***

| دەستە | ژمارە | دانیشتوان | ٠/٠ |
|---|---|---|---|
| < ٦٦٧٤٩٩ | ٢ | ١٥١٨٩٠٤ | ١٨,٨ |
| ٤٠٠ -- ١٠٠ | ١٨ | ٣١٠٥٣٣٩ | ٣٨,٥ |
| ١٠٠ -- ٥٠ | ٢١ | ١٥٢٢٥٦٣ | ١٨,٩ |
| ٥٠ -- ١٠ | ٥٩ | ١٣٤٧٠٤٢ | ١٦,٧ |
| ١٠ -- ٥ | ٤٨ | ٣٥٠٧١٣ | ٤,٣ |
| ٥ -- ١ | ٨٢ | ٢١٦٢٨٥ | ٢,٧ |
| ١ > | ٨ | ٤٥٢٧ | ٠,٠٥ |
| سەرجەم | ٢٣٨ | ٨٠٦٥٢٧٣ | ١٠٠,٠ |

* مرکز آماری ایران. نتایج تفصیلی سرشماری عمومی نفوس و مسکن ١٣٩٠ ص ١٠١ -- ١٣١

## دەرئەنجام

توێژینەوەی دانیشتوان لە کوردستان'دا، ئەو ڕاستیانەی بۆ دەرخستین:

١. خێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان.

٢. زیادبوونی دانیشتوان لە هەندێ ئەستان و کەمبونیان لە هەندێکی دیکەدا.

٢. بەرزی ڕێژەی لە دایکبوون و نزمی ڕێژەی مردن.

٣. گەنجی دانیشتوان لە ڕووی تەمەنەوە.

٤. نارێکی لە دابەشبوونی دانیشتواندا.

٥. کۆچکردنی دانیشتوان لە گوند بۆ شار بە گوڕ.

٨ هەبوونی ژمارەکی زۆر لە شاری بچووک.


سەرچاوە

١.عەبدوڵڵا غەفور. جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان. ستۆکهۆڵم ـ ١٩٩٤

٢.عەبدوڵڵا غەفور. جوگرافیای کوردستان. چاپی شەشەم. هەولێر ـ ٢٠١٣

*** ***

٣.الجهاز المرکزی للاحصاء. نتائج التعداد العام للسکان لسنة ١٩٩٧. محافظة التامیم. محافظة نینوی. محافظة دیالی. محافظة تکریت. محافظة واسط.

٤.الجهاز المرکزی للاحصاء. المجموعة الاحصائیة السنویة ٢٠١٠ ـ ٢٠١١.

٥.المکتب المرکزی للاحصاء. النتائج الاجمالیة للسکان و المساکن لعام ١٩٩٤ حسب التقسیمات الاداریة. محافظة حلب. محافظة الحسکة. محافظة الرقة.

*** ***

٦.علی اصغر نظری. جغرافیای جمعیت ایران، چاپ پنجم بهمن١٣٨٣.

٧.مرکز امار ایران. گذیده نتایج سرشماری عمومی نفوس و مسکن ١٣٩٠

٨.مرکز آمار ایران. مساحت تقریبی شهرستانها، بخشها و دهستانها

٩.مرکز آمار ایران. نتایج تفصیلی سرشماری عمومی نفوس و مسکن ١٣٩٠، ص١٤

*** ***

١٠. Devlet İstatistik Enstitüsü, Genel Nufüs Sayımı ٢٠٠٠
١١. Hayati DOĞANY- TÜRKİYE BEŞERİ COĞRAFYAS. İSTANBUL- ١٩٩٤
١٢. TÜRKİYE COĞRAFYA ATLASI- İSTANBUL- ٢٠٠٤

ئینتەرنێت
* مركز امار ايران
* وزرات كشور

*Adrese Dayalı Nüfus Kayıt Sistemi (ADNKS

**سكان كوردستان دراسة فى جغرافية السكان**

جرت اول تعداد للسكان فى كوردستان عام ١٨٣١ و اخرها عام ٢٠١١ و كان مجموعها خلال السنوات السابقة ٣٣ تعدادا. تشير نتائج اخرها بان عدد سكانها فى سنة ٢٠١٤ بلغت ٣٩٢٨٠ الف نسمة. تزداد السكان ١،٣١ سنويا و بازيادة الطبيعية(٠/٠٠) ٣٠ (الولادات ـ ٤٢ الوفيات ـ١٢).

تشير الاحصائيات بان نسبة فئة السكان اقل من ١٥ سنة كانت٢٤و فئة اقل من ٦٤ سنة ٧١ و فئة ٦٥ و اكثر ٣ من مجموع السكان و ان نسبة الذكور ـ ٥٠.٣ و النساء ـ ٤٩،٧ وان الكثافة العامة ـ ٧٣ فرد فى كيلومتر مربع و ان نسبة السكان فى المدن ـ ٨١ و نسبتهم فى القرى ـ ١٩ و هناک عملية كبيرة للانتقال بدوافع اقتصادية و السياسية من الارياف الى المدن و خاصة الكبيرة منها.

**The population of Kurdistan:**
**A study in population Geography**

The first population Census in Kurdistan was conducted in ١٨٣١ and the last was in ٢٠١١.

The total number of the previous Censuses are ٣٣ till now. The last results refer to that the number of population in ٢٠١٥ has reached ٣٩٢٨٠ thousand people.

The population increases by the rate of ١.٣١ per year, as a natural increase of (٠/٠٠) ٣٠ (birth: ٤٢, death ١٢).

The statistics show that the population group less than ١٥ years are ٢٤, and the group of ٦٤ years are ٧١, and the group of ٦٥ years and more are ٣ from the total population.

The male rate is(٥٠,٣) and female rate is (٤٩.٧) and the general density is ٧٣ person per square Kilometer.

The urban rate is ٨١, and the rural rate is ١٩

There is big rate of migration due to the economic and political factors from the rural areas to the cities, specially the major ones.